## بۆ ڕای گشتی و جەماوەری بەشەرەفی کوردستان و کەسانی دڵسۆزی چاکسازی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی...

2011-03-31

گروپی زەنگی زانکوَ لەزانکوَی سەلاحەدین:

بەڕێزان ئێمەوە وەك گروپی زەنگی زانکۆ لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر کە زیاتر لە 60 قوتابی و خوێندکاری زانکۆی سەلاحەددینین لەسەرجەم کۆلێژ و بەشەکان،پشتیوانی خۆمان بۆ داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و جەماوەری بەشەرەفی خۆپیشاندەر لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەردەبڕێن وە ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین بۆ ئەنجامدانی خوپیشاندان لە زانکۆی سەلاحەددین.

جەماوەری کوردستان دۆستانی چاکسازی وانەزانن قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددین توانای داواکردنی مافەڕەواکانی میللەتەکەی نیە بێدەنگ دەبێت لەئاست ئەو گەندەڵی و سەرکوت کردنی گەلەکەیان، بەڵکو ئێمە وەك ئێوە بگرە زیاتریش هۆگری داواکردنی مافەکانمانیین وەهیچ پێداگریەك لە مافەکانمان ناکەین، بەڵام بەداخەوە ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرەی کەلە سنوری زانکۆکەمان و شاری هەولێری پایتەختە فشار و سانسۆرێکی توندی خستۆتە سەر دانیشتوانی هەولێر بەتایبەتی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددین، وەلەو کاتەوەی ئێمە هەستاوین بە دروست کردنی ئەم گروپە لەزانکۆکەمان بەچەندین شێوە فشاریان خستۆتە سەرمان تەنانەت کار گەشتۆتە سەر ئەوەی هەندێك لە ئەندامانمان لەلایەن مامۆستایان و سەرۆك بەش و ڕاگری کۆلێژەکانەوە کەسەر بەحیزبی دەسەڵاتن هەڕەشەی ڕاسب کردن و وەدەرنانیان لە زانکۆ لێ کراوە وەهەروەها لەلایەن یەکێتی قوتابیان و ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکرات لەناو زانکۆدا چاودێریەکی توندی هەر جوڵانەوەیەکی قوتابی و خوێندکاری دەکرێت وەبەهەموو شێوەیەك ئامادەباشیان کردووە بۆ سەرکوت کردنی هەر جۆرە جوڵانەوەیەك لە کۆلێژ و بەشەکانی زانکۆی سەلاحەددین. بۆیە ئێمە ئەوە بەخەڵکی کوردستان دەڵێین دڵگرانەبن لەبێدەنگیمان ئێمە لە ناخی دڵەوە لەگەڵتاندایین وە هەرکاتێك دەرفەتمان بۆ پرەخسێت خۆپیشاندانی خۆمان سازدەکەین پشتگیری ئێوەی دۆستی چاکسازی لەکوردستانیش دەکەین.

**گروپی زەنگی زانکۆ لە زانکۆی سەلاحەدین**

30/3/2011